www.kurdistannet.org
بەکاتی ناوەندی ئەوروپا 21:41 27-6-2006

## لە دادگا کەروێشکیان لی کردم بە گا ... یاسین تەها

لەم رۆژانەدا بە تەنیشت "خانەی دادی سلێمانی"دا گوزەرم کرد و ئەوەم بیر کەوتەوە کە پێویستم بە وێنەیەکی رۆژنامەوانیی ئەم بینایە هەیە و دەستم برد بۆ کامێراکەم و لە کۆلانی بەرامبەر دادگاوە ویستم وێنەیەکی ئە و لە و حەیە بگرم کە لێی نووسراوە "خانەی داد لە سلێمانی"، کەچی لەپڕدا دوو پۆلیس دەستیان نایە سەرشانم و پێیان وتم وێنەگرتن قەدەغەیە و ، کامێراکەشیان لی سەندم! هەرچەندە باجەکەم دەرهێنا و ویستم تێیان بگەیەنم کە گرتنی ئە و وێنەیە ئاساییە و من رۆژنامەنووسم و هیچ شتێک لەئارادا نییە کە پێویست بە دەستگرتن بەسەر کامێراکەمدا بکات، ئەوان هەر لەسەر هەڵوێستەکەیان سوور بوون و کامێراکەشیان بردە بنکەی پۆلیسی نێو دادگاکە، لەوی هەرچیمان کرد لێک نەگەشتین، ئەوان نە متمانەیان کرد بەوەی کە کامێراکە بەتاڵە و وێنەی پی نەگیراوە، نە رازیش بوون کامێراکەم بدەنەوە و بڕۆم بەرێی خۆمەوە. پاش ئەم بێنە و بڕۆیەش بردمیانە بەردەم دادوەر و گوتیان تا ئەو رێگا نەدات ناتوانین کامێراکەت بدەینەوە، ئێمە وەها ئەمرمان پی کراوە و ناتوانین سەرپێچیی لی بکەین، هەرچەندە دادوەر زۆر بە هێمنی و رێزەوە مامەڵەی لەگەڵ کردم، بەڵام ئەوەندە پرسیاری لی کردم لەسەر وێنەکە و هۆکاری گرتنی و پۆلیسێکیش بەسەرمەوە وەستابوو باجەکەشمیان کۆپی کرد و هەر لەوێدا داوایەکی رێگەپێدانی وێنەگرتنیان پی نووسیم و لەسەر هەڵەیەکیش پێیان دووبارە کردمەوە، وام زانی تاوانێکم کردووە و ختورەی ئەوەم دەکرد کە جارێکی تر ناچمە دەرەوە و بەند کراوم.

ئەم مامەڵەیەی لەگەڵ من کرا هەرچەندە حورمەت و رێزیشی تێدا بوو، چەند جارێکیش پۆلیسەکان و جەنابی دادوەریش پاساوی ئەوەیان بۆ هێنایەوە کە یاساییە و چاوپۆشی لیکردنی لە دەسەڵاتی ئەواندا نییە، ئەمە نمونەیەکی بەرچاوە لەسەر تەنگ پێهەڵچنینی کاری رۆژنامەنووسی لەم هەرێمەی کە هەموو بەرپرسەکانی گۆرانی بە باڵای شەفافییەت و ئازادیی رۆژنامەگەریدا دەڵێن، نازانم ئەوە کام ئازادییەیە کە لە سایەیدا سەرچاوەکانی هەواڵ و زانیاری . کە پێزانینی مافی ئاسایی هەموو کەسێکە . کلۆم دەدرێت و وێنەگرتنێکیشی تێدا یاساغ دەکرێت! من کە ئەمە دەڵێم ئەوەش دەزانم کە هەندێک بەرپرسی گەورە لەسەر کەناڵێکی ئاسمانی قەدەغەکردنی ئامادەکردنێکی راپۆرتی رۆژنامەوانی لە زانکۆدا بۆ هەندێک لە هاوپیشەکانمیان بەستووەتەوە بەوەی کە "ئەوان هانی تیرۆر دەدەن"!! بی ئەوەی ئەوە لەبەرچاو بگیرێت کە ئەوان سەر بە حیزبێکی مەدەنی و بێ َچەکن و لەمەش گرنگتر رۆژنامەنووسن و هەموو چەکێکی دەستی ئەوان تەنها وشە و وێنە و کاغەزە، ئیتر نازانم چۆن بە و ئاساییە بڕیاری دا و کردنیە"تیرۆریست و بانگخوازی کوشت و کوشتار". کاتێکیش کە بەشێک لەم راستییانە و رەوشی تاڵی رۆژنامەنووسان لە سایەی دەسەڵاتی کوردیدا بە جیاوازیی بۆچوون و کەناڵەکانیانەوە لە کۆنگرەیەکی سەربەخۆی وەک ئەوەی هۆڵی سەنتەری گەنجانی سلێمانی رۆژی (6/8) دا لەلایەن رێکخراوێکی بیانی وەک (iwpr) ەوە خرایە روو، هەموو بەرپرسان بە نەقیبی سەندیکاشەوە کە رۆژنامەنووسان ئینتیباعی باشیان هەیە لەسەری، هاتنە دەنگ و بە جۆرەها گومان هەوڵیان دا کە بەتاڵی بکەنەوە و لە سەنگ و بایەخی کەم بکەنەوە. ئێمە هەموو حەز دەکەین کە کوردستان ئە و وڵات و هەرێمە بێت کە ئەوان دەیناسێنن و ئاواتیشی بۆ دەخوازین کە وەها کراوە و ئازاد بێت و رێزی کاری رۆژنامەنووسیی تێدا پارێزراو بێت، بەڵام کە لەسەر راپۆرتێک هەندێکمان بکرێینە تیرۆریست و وێنەگرتنی بینایەکیش بڕیار و رەزامەندیی دادوەری گەرەک بێت لە سەردەمێکدا کە جۆرەها شێوەی کامێرای مۆبایل بە جۆرەها شێوە بڵاو بوویێتەوە، ئەوە کام ئازادی و کرانەوەیە کە بەرپرسان بانگەشەی دەکەن؟! حەز دەکەم خۆیان بیرێکی لی بکەنەوە و بە ویژدانەوە وەڵامی دەیان رۆژنامەنووسی دەرەوەی حیزبە دەسەڵاتدارەکان بدەنەوە.